کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
14-2-2007 18:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تکایە کۆنترۆڵێک!!! بۆ بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ ... کەریم ئیسماعیل

ئەڵمانیا

ڕاگەیاندن وەک هەریەک لە کایە مەعریفەیەکانی تر لە هەموو شوێنێکی ئەم دوونیایەدا لە هەوڵ و خۆ تازەکردنەوەدایە بۆ بەرەو پێش چونی بەرنامە و سەرجەم وەزیفەکانی تری، ئەمرۆ ڕاگەیاندن لە تەوای کۆمەڵگاپێشکەوتوو خوازەکاندا توانیوێتی بێتە ئاوێنەیەک بۆ پیشاندانی هەموو دیاردە پەست و دزێوەکانی کۆمەڵگا بۆ وە بەر چاو خستنی هەموو ئەو ناعە دالیانەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوونیان هەیە، ، ئەڵبەت جێی خۆیەتی هەمیشە دەست خۆشی لەو کەس و لایەنانە بکەین کە هەڵدەستن بە هەچ کاریکی تازەو پێشکەوت و بە دوور لەو هەموو دووبارەبوونانەوەی زۆری بەرنامەکان ڕاگەیاندن توانیویەتی لە زوترین کاتدا ئەوەی کە دەیەوێت بگەیەنێت، ، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی تەلەڤزیۆنەکان بۆ هەموو کوردێک مایەی شانازیە کە ئەمرۆ کورد بوتە خاوەنی چەند کەناڵێکی هەوای، ، کە دەتوانێت ڕاستەو خۆ سەرجەم هەواڵ و کێشەو گرفتەکانی ئەم میلەتە بگەیەنێتە بەر دەست و چاووی دەستەڵاتداران و وولاتانی دراوسێ و ئەوروپا و جیهان ئەوەی کە جێی مشتوو مرە ئەوەیە ئایا تا چەندێ ڕاگەیاندنی کووردی توانیویەتی ئەرک و کارەکانی ڕاگەیاندن لە خۆ بگرێت؟تا چەند توانیویانە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بێ پەردە بخەنە پێش چاوی دەستەڵاتدارانەوە؟ تا چەندێ بە دوور بوون لە دوو بارە بوونەوەی ڕاپۆرتە بێ ماناکان و ووتنەوەی قسەی سیاسیەکان؟

من لەوە دڵنیام کە هەندێ لەبەرنامەکانی کەناڵە کوردیەکان هەر لەیەکەم ڕۆژی لە دایک بونیانەوە، جاڕدانی مەرگی خۆشیان ڕادەگەیەنن، ، چونکە نە توانای ئەوەیان هەیە پەنجە بخەنە سەر ڕاستی هەموو هەواڵ و دەنگ و ڕەنگەکان، نە ئەوەشە بتوانن بینەر تێکەڵ خۆیان بکەن، ، چونکە خاڵی بنەڕەتی بۆ بەرنامەی تەلەڤزیۆنی ئەوەیە تە چەند بە ئامانەتەوە شتەکان وەک خۆی دەگەیەنێت!!!تاچەند پەردە لەسەر شتە شاراوەکان هەڵدەماڵێت!!!

ڕەنگە من لێرەدا ئەو هەناسە درێژەم نەبێت بتوانم شەن و کەوی سەرجەم بەرنامەکانی ئەو کەناڵە کوردیانە بکەم، ، چونکە هەست دەکەم ئەوە پێویستی بە کاتی زۆرەو، پێویستی بە کەسی شارەزاو تایبەت هەیە لەو بوارەدا. . .

ئەوەی کە من مەبەستمە لەم نوسینە کورتەدا تەنها چاو پێخشاندنێکی خێرایە بەسەر بەرنامە (بێ کۆنترۆڵ) دا کە هەموو شەوانێکی سێ شەمان لە kurdistan Tv پەخش دەکرێت. . .. ، ، ،

زۆرم هەوڵدا پێش ئەوەی قسە لەسەرلایەنە نیگەتیڤەکانی ئەم بەرنامەیە بکەم بتوانم چەند لایەنکی گەشی ئەم بەرنامەیە باس بکەم، بەڵام بە داخەوە هیچم تیدا نەدی، کە مایەی دڵخۆشی بێت بۆ ئێستە و ئایندەش، چونکە تەنها بۆ جارێکیش نەم دی لەم بەرنامەیەدا ئەو واقعیە ناخۆشەی کا پەنابەرانی کورد هەیانە لە وڵاتانی ئەوروپا بگوازێتەوە بۆ پێش چاوی خەڵک و دەستەڵات، ، بە وەی کە پەنابەران لە ئەوروپا چەندە لە ژیانێکی ناخۆش و دەرونێکی ئاڵۆزدا دەژین، ، چەندان لە پەنابەران ئێستەشی لەگەڵدا بێت لە چاوەڕوانی گۆدۆ دا دەژین، ، ژیانێک دەگوزەرێنن کە شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە نیە، ، ، مانەوەی ئەو هەموو گەنجە چەندین ساڵ لە (کەمپێکدا) و دەست و پێ زنجیر کردنیان لە سنوورێکی دیاری کراودا، ، ئایندە دیار نەبونیان پاش ساڵانێک لە چاوەڕوانیەکی تاڵدا، (بێ کۆنترۆڵ) باسیان لەسەر بکات، ، دواکەتنی پرۆسەی هاوسەر گیری ئەوهەموو قەیرە کوڕەی هەموو تەمەنی جوانیان بەخشیە ماڵێکی چۆڵ و هۆڵی هەمیشەییان، ماڵێک کە هەر لە زیدان دەچێت، ، کە هەمویان بە حەسرەتی کابانێک تەمی چاوو خەمی دڵیان لە کۆڵ بنێ، ، تەنها جارێک نەم بینی هەندێ لەم گەنجانە بدوێنێ، ، ،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
14-2-2007 18:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سەرباری ئەوەی کۆچی کوردان پەیوەندی بە هەندێ فاکتەرەوە هەبوو هەر لە شەڕی براکووژی و برسێت و بێ کاری ناعەدالەتی ودڵنیا نەبوون لە سبەی و بێ مافی هاوڵاتیان لەلایەن دەستەڵاتەوە و لە پەراوێز خستنی تەواوی کۆمەڵگا لەلایەن حوکمەت و دەستەڵاتەوە، هۆکارێکی تر بە وێنە کردنی بەهەشتی ئەوروپا لە مێشک و دڵ و دەرونی گەنجی کوردا، وەک ئەوەی ئەوروپا بەهەشتێکی ئامادەکراو بێت مرۆڤ دەتوانێت هەموو خەونەکانی تێدا پراکتیزە بکات، ، بەبێ هیچ سانسۆر و کێشەیەک، ئەم بە بەهەشت کردنەی ئەوروپا وای کرد زۆرێک لە گەنجەکانمان بە تایەبەتی سەفەری ڕیگەی هاتو نەهات بگرنە بەر، ، کە چی تازە بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) دێت دووبارەوە دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی گەنجەکانمان، کە خولیای سەفەر بخاتەوە مێشکیان، ، بەسەر دانی چەندماڵێکی خوا پێداو، بە وێنەگرتنی چەند دیمەنێکی شارەکانی ئەوروپا، بە پیشاندانی سەیارەی تازە مۆدێل و سەفەر کردنی ڕۆژانەیان بە فڕۆکە، ، وەک ئەوەی کە کوردەکانی ئەوروپا خاوەنی هیچ کێشە و گرفتێک نەبن، ، ،

من دەپرسم لە خانمی پێشکەش کەری بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) و هەموو ئەو کەسوو لایەنانەی کە لە پشتی ئەم بەرنامەیەوە کار دەکەن و دەنگ و ڕەنگیان هەیە، ناکرێت بۆ تەنها جارێکیش سەردانی (کەمپەکان) بکەن؟نابێت جارێک ئەو خێزان و گەنجانە بدوێنن کە تا ئێستا لە چاوەڕوانی سەفەرێکی نیشتیمانن؟ناکرێت جارێکیش گوێ لە موعاناتی ئەو ژنانە بگرن تەنها چوار دیواری سپی هاوڕێی هەمیشەییانە؟ بێ دەنگیتان لە خەمی هەموو ئەو کەسانەی تەمەنی گەنجیان بەخشیە تاراوگە، گوێ نەگرتنتان لە هەموو ئەو پەنابەرە کوردانەی کە ڕۆژانە مەرگێکی لەسەر خۆیی دەروونی چاوەڕوانیان دەکات، ، ،

بەر پرسیارێتی بەردەم خەڵک خوا و مێژوو دەبن

halabjayi@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.